# دابەشکردنی سامانی نەوت لە عێراق؛ بەرهەمهێنانی نایەکسانی و هاوردەکردنی کاڵا

25-09-2025

**نووسەرەکان**

مەحموود بابان

**کورتە :** بەپێی داشبۆردی نایەکسانی جیهانی، کە داتای 110 وڵاتی جیهانی لەخۆگرتووە، عێراق یەکێکە لەنایەکسانترین وڵاتانی جیهان بۆ داهات و سامانی وڵات بەسەر دانیشتووان، بەشێوەیەک کە ڕێژەی ١٪ دانیشتووانەکەی سێ هێندە داهاتیان زیاترە لەڕێژەی 45٪ دانیشتووان، کە یەکێک لەڕێگە سەرەکییەکانی درووستبوونی ئەم نایەکسانییە بەهۆی کەرتی گشتییەوەیە کە ئەویش خۆی لەدابەشکردنی مووچەدا دەبینێتەوە.

بەپێی داشبۆردی نایەکسانی جیهانی، کە داتای 110 وڵاتی جیهانی لەخۆگرتووە، عێراق یەکێکە لەنایەکسانترین وڵاتانی جیهان بۆ داهات و سامانی وڵات بەسەر دانیشتووان، بەشێوەیەک کە ڕێژەی 1٪ دانیشتووانەکەی سێ هێندە داهاتیان زیاترە لەڕێژەی 45٪ دانیشتووان، کە یەکێک لەڕێگە سەرەکییەکانی درووستبوونی ئەم نایەکسانییە بەهۆی کەرتی گشتییەوەیە کە ئەویش خۆی لەدابەشکردنی مووچەدا دەبینێتەوە.

لەنیوەی یەکەمی 2025دا سەروو 30 تریلیۆن دینار بۆ مووچەخۆران لەتەواوی عێراق خەرجکراوە، بەڵام دابەشبوونەکەی جیاوازی گەورەی تێدایە، بەشێوەیەک جیاوازییەکە لەنێو دامەزراوەیەکی سەر بە ئەنجومەنی نوێنەران یان ئەنجومەنی وەزیران بۆنێو وەزارەتەکانیش هێندە گەورەیە دەتوانین بڵێین گەیشتووەتە شەش هێندە.

لێرەدا و لەسەربنەمای داشبۆردی دارایی عێراق (2015-2025) کە لەسەر بنەمای داتاکانی وەزارەتی دارایی و بودجەی ساڵانەی عێراق ئامادەکراوە هەڵوەستەیەک لەسەر دابەشکاری مووچە لە عێراق دەکەین، و فۆکووسی سەرەکی لەسەر ئەوە دەبێت ئەم بڕەیە چۆن لە دامەزراوەیەکەوە بۆ دامەزراوەیەکی دیکە دەگۆڕێت ؟ بۆچی جیاوازە و ئەمە چۆن کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنانی نایەکسانی و بەکاربەری لە کۆمەڵگەدا هەیە؟

بەپێی ژمارەکانی خەرجی وەزارەتی دارایی بۆ دامەزراوەکان لە عێراق لەنێو سێ سەرۆکایەتییەکە و هەموو وەزارەت و پارێزگاکان، ئەوا بەتێکڕا کارمەندەکانی سەر بە دامەزراوەی ئەنجومەنی نوێنەران لە عێراق کە پەرلەمان، دامەزراوە سەربەخۆکانی وەک دەستەی چاودێری دارایی، کۆمیسۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دەستەی دەستپاکی فیدراڵی، دەستەی چاودێریی دارایی و هتد لەخۆدەگرێت، باشترین و زۆرترین مووچەی مانگانەیان هەیە و، لەبەرامبەردا لەتەواوی عێراق کارمەندەکانی وەزارەتی گواستنەوە کەمترین مووچەی مانگانەیان هەیە.

ئێستا، لەکۆی ساڵانەی ئەو 60 تریلیۆن دینارەی بۆ فەرمانبەران و، ئەو 26 تریلیۆن دینارەی بۆ چاودێری کۆمەڵایەتی خەرجدەکرێت بەنزیکەی 14 ملیۆن هاوڵاتی لە عێراق مانگانە مووچەی فەرمی دەوڵەتیان هەیە، کە ئەمەش نزیکەی یەک لەسەر سێی دانیشتووان و نیوە زیاتری ئەوانە دەکات کە تەمەنیان لەنێوان سەروو 14-64 ساڵ دایە. ئەگەر ئەم دابەشکارییەی مانگانەی سامانی نەوت جیاوازی و جیاکارییەکی گەورەی تێدا نەبوایە ئەوا بەپێی داتای نەتەوەیەکگرتووەکان لە 2024دا ڕێژەی هەژاری لە داهاتی مانگانەدا هێشتا 17.5٪ نەدەبوو.

ئەگەر بەتێکڕا بۆ ساڵی 2023 لێکدانەوە بۆ دابەشبوونی مووچە لەتەواوی عێراق بکەین، ئەوا هەر فەرمانبەرێک 966 هەزاردیناری عێراقی مانگانە وەردەگرێت، بەڵام ئەگەر کارمەندێکی سەر بە دامەزراوەکانی پەرلەمان بێت مووچەکەی سەروو 3 ملیۆن و وەزارەتی دەرەوە بێت ئەوا 2.6 ملیۆن دیناری مانگانەیە، لەکاتێکدا ئەگەر کارمەندی وەزارەتەکانی وەک کشتووکاڵ، ڕۆشنبیری و گواستنەوە بێت ئەوا ناگاتە 600 هەزاری مانگانە، کە ئەمەش چانسی کۆکردنەوەی داهاتی مانگانە و ساڵانە بۆ تاکێک لەعێراق دەردەخات.

ئەگەر لەم جیاکارییە وردبینەوە، ئەوا پۆلێن بەندییەکی گەورە لەنێو یەک دامەزراوەش بەدی دەکرێت، بۆ نموونە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕاستە لە چوارچێوە گشتییەکەدا و لەنێو دامەزراوەکانی سەر بە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ساڵانە تاکێک داهاتەکەی دەگاتە سەروو 38 ملیۆن دینار، بەڵام ئەگەر فەرمانبەرەکە یەکەم ساڵی دامەزراندنی بێت هاوشێوەی پەرلەمانتارە دەستبکاربووەکە لەو ساڵەدا ئەوا جیاوازییەکەیان زیاتر نەبێت کەمتر نییە لە 15 هێندە.

هەروەها، ئەم جیاوازییە لەنیو وەزارەتەکانیش هەیە، بۆ نموونە فەرمانبەری وەزارەتی دەرەوە بێت یان وەزارەتی کشتووکاڵ جیاوازییەکی گەورەی هەیە لەرووی داهاتی مانگانە و ساڵانەوە، چونکە بەتێکرا فەرمانبەرێکی وەزارەتی دەرەوە لە عێراق ساڵانە سەرو 30 ملیۆن دینار وەردەگرێت لەبەرامبەردا فەرمانبەری وەزارەتی ڕۆشنبیری یان کشتووکاڵ ساڵانە خوار 6.5 یان 7.1 ملیۆن دینار وەردەگرێت.

لەسەر ئاستی پارێزگاکانیش ئەم جیاوازییە هەیە، بۆ نموونە بەتێکڕا کارمەندێکی دەوڵەت لە پارێزگای بەسرە ساڵانە 6.2 ملیۆن کۆی مووچەکەیەتی کەچی لەپارێزگای موسەننا مووچەی کارمەندێک ساڵانە دەگاتە سەروو 12.6 ملیۆن دینار وەکو لە گرافیکی خوارەوەدا بۆ سێ سەرۆکایەتییەکە، هەموو وەزارەتەکان و پارێزگاکان لە عێراق هاتووە.

گرافیک 1: دابەشبوونی مووچەی ساڵانە و مانگانە بەپێی دامەزراوەکان لەعێراق بەتێکرا بۆ ساڵی 2023




سەرچاوە: وەزارەتی دارایی عێراق، راپۆرتی ساڵانە خەرجی دارایی 2024، بودجەی 2023-2025 عێراق، 9ی ئەیلوول 2025

*تێبینی: تێکرای مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە گرافیکەکەدا نییە، چونکە لە 2023دا هیچ برەپارەیەک خەرجنەکراوە وەک مووچە، ئەگەر لەسەر داتای خەرجی مووچە 2024دابێت بەتێکرا فەرمانبەرێکی هەرێمی کوردستان 1 ملیۆن و 165 هەزارە و ساڵانە نزیکەی 14 ملیۆن دینارە و نزیکەی لەتێکڕای کۆی فەرمانبەری عێراق.*

سەرچاوەی داهاتی ئەم دابەشکارییەی پارەی مانگانە لە عێراق بەسەر فەرمانبەران لە نەوتەوە دێت، چونکە دوای دە ساڵ (2015-2025) داهاتی نانەوتی 1.3 تریلیۆن دینار کەمیکردووە لەجیاتی ئەوەی زیاد بکات چونکە لەوماوەیەدا گەشەی بەرهەمی نیوخۆی و هاوردەکردنی کاڵا و داهاتی تاک و ژمارەی دانیشتووان زیادیکردووە نەوەکو کەم، بۆ نموونەش خەرجی مووچەی فەرمانبەر و چاودێری کۆمەڵایەتی لە 44 تریلیۆن دینارەوە زیادیکردووە بۆ 86.7 تریلیۆن دیناری ساڵانە.

کۆی خەرجی بەکارخستن و وەبەرهێنانی شەش مانگی رابردوو لە عێراق 56 تریلیۆن دینار و ساڵی رابردوو 150 تریلیۆن دینار بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم خەرجییە چ ساڵانە بێت یان مانگانە رێژەی 73٪ تاوەکو 95٪ بۆ بەکارخستن و مووچەیە لەباشترینساڵیشدا بۆ وەبەرهێنان لەکەرتە جیاوازەکاندا رێژەکەی 16٪ بووە، هەربۆیەش عێراق بووەتە وڵاتێکی هەمەچەشن بۆ هاوردەکردنی کاڵا و لاواز بۆ هەناردەکردنی کاڵا بۆ دەرەوەی خۆی و بگرە دابینکردنی پێداویستی نیوخۆش.

ئەم دابەشکردنەوەی سامانی نەوت بەنایەکسانی لە تەواوی عێراق بووەتە هۆی دروستکردنی ئابوورییەکی سادە و کەمتر ئاڵۆز، کە لەرووی ئیندێکسی ئابووری جیهانی و هارڤارد ەوە بۆ ئابووری وڵات تاوەکو ئابوورییەکە کەمتر ئاڵۆز و سادە بێت زۆر لاوازە بۆ گۆڕانکارییە ئابوورییەکان و بەپێچەوانەوەشەوە هەر راستە.

بۆ نموونە بەپێی داتاکانی OEC بۆ هاوردەکار و هەناردەکاری کاڵا لەنێوان وڵاتان، لەساڵی 2023دا بەبەهای 70 ملیار دۆلار کاڵا هاوردەی عێراق کراوە، کە 50 ملیار دۆلار لە سێ وڵاتەوە بووە، بەدوای یەکدا 22.6 لە ئیمارات، 12.8 لە تورکیا و 14.3 لە چینەوە.

هەروەها، ئەم هاوردەکردنی کاڵایانەش ماددەی خام نەبووە بۆ کارگەکان و بەرهەمهێنانەوە کاڵا بۆ نیوخۆ و دەرەوە بەڵکوو هاوردەکردنی بەرهەمە نەوتییەکانی وەک بەنزینی سوپەر، رۆنی ئۆتۆمبیل کە بە بەهای 6.07 ملیار دۆلار، هاوردەکردنی مۆبایل بە بەهای 4.45 ملیار دۆلار، ئۆتۆمبیل بەبەهای 4.4 ملیار دۆلار جگە لە 727 ملیۆن دۆلار بۆ ئۆتۆمبیلی بارهەڵگر، 645 ملیۆن دۆلار بۆ یەدەگی ئۆتۆمبیل لەو ساڵەدا.

لەرووی بەرهەمە جوانکارییەکانی وەک خشڵ، زێر و زیووە لەو ساڵەدا عێراق بە بەهای 4.7 ملیار دۆلار هاوردەکردنی هەبووە. سەبارەت بە بەرهەمە خۆراکییەکانیش 1.36 ملیار دۆلار لەساڵیکدا بۆ هاوردەکردنی برنج رۆشتووەتە دەرەوە. هەروەها، بەبەهای 271 ملیۆن دۆلار چا لە وڵاتانی جیاجیای جیهانەوە هاوردەکراوە. جگەرە و بەرهەمەکانی تووتن بەهەموو جۆرەکانییەوە ساڵانە دەگاتە نزیکەی 1

ملیار دۆلار بۆ هەموو عێراق،  لە بەرامبەردا و لە 2023دا عێراق نەوت و بەرهەمە نەوتییەکانی بەبەهای 102 ملیار دۆلار هەناردەی وڵاتانی بووە و هیچ شتێکی دیکە لە نەخشەی بازرگانی هەناردەکردنی کاڵای عێراق بۆ دەرەوە لەنەخشەکەدا دەرناکەوێت کەوا لیرەدا باسبکرێت.

بەپێی راپۆرتی عێراق بۆ هاوردەکردن و هەناردەکردنی کاڵا لە 2023دا ساڵانە سەروو 1100 کاڵا و مادده و بەرهەمی جۆراوجۆر هاوردە دەکات، لەبەرامبەردا دە هێندە کەمتر و لەرووی فرەچەشنییەوە ناگاتە 100 بەرهەمی جیاواز کە بۆ دەرەوەی هەناردە دەکات.

ئەگەر بەگشتیش بەراورد بکەین لەنێوان خەرجیەکان لە عێراق و بڕی خەرجی مووچەی فەرمانبەران و چاودێری کۆمەڵایەتی و بڕی ئەو سەرمایانەی بۆ هاوردەکردنی کاڵا لەدەرەوە رۆشتووە ئەوا وێنەیەک زیاتر روونەدەبێتەوە، بۆ نموونە لەساڵانی (2015-2025) دا کۆی خەرجی بەکارخستن و وەبەرهێنان لە عێراق 764 ملیار دۆلار بووە، کە 636 ملیار دۆلار بۆ بەکارخستن و 128 ملیار دۆلار بۆ وەبەرهێنان رۆشتووە. ئەوەی وەک مووچە خەرجکراوە 454 ملیار دۆلار بووە، لە بەرامبەردا هاوڵاتیانی عێراق بە بەهای نزیکەی 505 ملیار دۆلار کاڵای جۆراوجۆریان لە دەرەوە هاوردە کردووە، کە زۆرترینی ساڵانەی بۆ ئۆتۆمبیل، مۆبایل، خشڵ و زێڕ، برنج و چا، بەرهەمە نووتنییەکان بووە.

خاڵیکی دیکەی سەرنجڕاکیش دەربارەی وەبەرهێنان لە عێراق، ئەگەر تەماشای داتاکان بکەین دەبینین لەکۆی 128 ملیار دۆلاری وەبەرهێنان 77 ملیار دۆلاری بۆ وەزارەتی نەوت بووە تاوەکو وەزارەتی تەندرووستی، پەروەردە و خوێندنی باڵا و ژینگە و کشتووکاڵ و سەرچاوە ئاوییەکان و گەنجان.

لەکۆتاییدا، ئەگەر گەورەترین نایەکسانی لەرووی داهاتەوە بۆ سامان و داهاتی مانگانەی تاک لە دەوڵەتەوە سەرچاوە بگرێت و بێتەئاراوە و رەوشی فەرمانبەرانی حکومەت بەمشێوەیە بێت! ئەی مووچەی کارمەندانی کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت و ئەو کرێکارانەی بەرۆژانە و مانگانە لە بازاڕ و شوێنە خزمەتگوزارییەکان کار دەکەن چۆنە؟ لە بەشی داهاتوودا لەسەر داشبۆردی دارایی عێراق هەڵوەستە لەسەر پەیوەندییە ئابوورییەکانی هەولێر و بەغدا دەکەین